# دەقی (لەدەستم دێ)ی (عەبدوڵلا پەشێو) لە ڕوانگەی ڕەخنەی دەروونشیکارییەوە

## (تیۆر و چەمکەکانی دەروونشیکاری (فرۆید)ی بە نموونە)

**د. ڕێبین خەلیل قادر**
مامۆستا لە بەشی زمانی کوردی - کۆلێژی پەروەردە – زانکۆی سەلاحەدین
rebeen.qader@su.edu.krd

**پوختە**

میتۆدی ڕەخنەی دەروونشیکاری کە بە کاریگەری قوتابخانەی دەروونشیکاری (بەتایبەتیش تیئۆر و بۆچوون و زاراوە و چەمکەکانی فرۆید) دامەزراوە، پێیوایە کە دەقی شیعری بەرهەمی حەز و ئارەزوو و غەریزە چەپێنراوەکانی نائاگایی دەقنووسە، بەتایبەت ئەو غەریزە و حەز و ئارەزووانەی کە دەقنووس لەماوەی ژیانیدا نەیتوانیوە بیانهێنێتە دی و جێبەجێیان بکات. هەماندۆخ بەسەر دەقی (لەدەستم دێ)دا زاڵە. ئەم دەقە ئەنجامی ئارامگرتن و بەردەوام ناردنەوەی ڕق و کینە و تووڕەییێکە بۆ ناو نائاگایی کە دەروون و ناخی شاعیری پێوە دەناڵێنێت، بۆیە شاعیریش بە پەنابردنە بەر چەند میکانیزمێکی بەرگری دەروونی و بە گۆڕینی هەستی تووڕەیی و هەڵچوونە دەروونییەکانی بۆ ڕەمزی شیعری توانیوویەتی لە ڕێگەی شیعرەوە ئەم هەڵچوونە پەنگخواردووانەی دەروونی بگۆڕێت بۆ شیعر و گوزارشت لە نائارامی و ململانێی دەروون و نائاگایی خۆی بکات. ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (دەقی (لەدەستم دێ)ی (عەبدوڵلا پەشێو) لە ڕوانگەی میتۆدی ڕەخنەی دەروونشیکارییەوە (تیئۆر و چەمکەکانی دەروونشیکاری (فرۆید)ی بە نموونە). هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی

دەقەکە لە روانگەی ئەم میتۆدە رەخنەییەوە بە سوودوەرگرتن لە تیئۆر و چەمکەکانی دەروونشیکاری فرۆیدی. ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دوو بەش پێکهاتووە و لە کۆتاییشدا ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان خراونەتە ڕوو.

**کلیلە سەرەکییەکان:** رەخنەی دەروونشیکاری، دەقی شیعری، نائاگایی، ئاگایی، چەپاندن.

**پێشەکی:**

**ناونیشانی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (دەقی (لەدەستم دێ)ی (عبداللە پەشێو) لە روانگەی رەخنەی دەروونشیکارییەوە (تیئۆری دەروونشیکاری فرۆید بە نموونە)، هەوڵێکە بۆ توێژینەوە لەم دەقەی (عبداللە پەشێو) لە روانگەی رەخنەی دەروونشیکارییەوە، کە هەوڵدراوە گرێ و دۆخ و حاڵەتە دەروونییەکانی شاعیر و کاردانەوەکانی بەرامبەر دابڕانی خۆشەویستەکەی لە رێگەی خودی شیعرەکەیەوە بخرێتەڕوو، ئەمەش لەو روانگەیەوە کە دەقی شیعریی رەنگدانەوەی گرێ و حاڵەتە دەروونییەکانی شاعیرن.

**بایەخی توێژینەوە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە تەرکیزی خستۆتە سەر یەک دەقی شیعری و یەک رەهەندی لە شیعرەکەدا وەرگرتووە کە رەهەندی دەروونییە و لە روانگەی یەک میتۆدی رەخنەییەوە لێیکۆڵیوەتەوە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە یەکێک لەو رەهەندانەی لە دەرەوەی دەقی ئەدەبییەوە رۆڵی لە بونیادنانی دەقدا هەیە بریتییە لە رەهەندی دەروونی و دەشێ لە روانگەی رەخنەی دەروونییەوە وەک رەهەند و رەگەز و لایەنی توێژینەوە بایەخی پێبدرێت.

**میتۆدی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا پێڕەوی میتۆدی رەخنەی دەروونشیکاری (تیئۆر و بۆچوونەکانی سیگمۆند فرۆید و چەمک و گوتەزاکانی) کراوە کە بۆچوون و تیئۆرەکانی بە بەردی بناخە و زەمینەی سەرهەڵدانی رەخنەی دەروونشیکاری دادەنرێن.

**پلانی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەی لە پێشەکی و دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە. بەشی یەکەم تایبەتە بە (رەخنەی دەروونشیکاری) و لە چەند تەوەرەیەک پێکهاتووە. تەوەرەی یەکەم تایبەتە بە چەمکی رەخنەی دەروونشیکاری. لە تەوەرەی دووەمدا باسی زەمینەسازی سەرهەڵدانی ئەم میتۆدە کراوە بە کاریگەری قوتابخانەی دەروونشیکاری (بەتایبەتیش بۆچوونەکانی فرۆید). تەوەرەی سێیەم تایبەتە بە سیما و بنەماکانی ئەم میتۆدە و لە تەوەرەی چوارەمیشدا تێڕوانینی ئەم میتۆدە رەخنەییە بۆ دەق خراوەتە ڕوو. بەشی دووەمیش کە پراکتیکییە، هەوڵدراوە دەقی لە (دەستم دێ)ی (عبدالله پەشێو) لە روانگەی ئەم میتۆدەوە راڤە و شی بکرێتەوە. لە کۆتاییشدا ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان و پوختە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتە ڕوو.

**١: رەخنەی دەروونشیکاری (Psychoanalytic Criticism):**

**١-١: چەمکی ڕەخنەی دەروونشیکاری:**

(رەخنەی دەروونشیکاری) یان (رەخنەی شیکردنەوەی دەروونی) لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا بە کاریگەری قوتابخانەی دەروونشیکاری سەریهەڵداوە، هەر لەو قوتابخانەیەی دەروونناسی وەرگیراوە کە بە قوتابخانەی دەروونشیکاری ناسراوە. زاراوەکە لە سێ بەش پێکهاتووە، کە بریتییە لە (رەخنە + دەروون + شیکاری). ئەگەر هەر لە واتای زاراوەکەوە تێبینی زاراوەکە بکەین،

واتە ئەو رەخنەیەی بایەخ بە شیکاری دەروونی یان شیکردنەوەی رەهەندی دەروونی لە دەقی ئەدەبیدا دەدات. میتۆدێکە لەسەر بنەمای بایەخدان بە رەهەندی دەروونی و ئەو لایەنانەی پێوەندییان بە دەروونەوە هەیە و هەروەها ئەو لێکەوت و دەرکەوتانەی لە لایەنی دەروونییەوە درووست دەبن و رەنگدانەوەیەکی ئاشکرایان بەسەر داهێنانی دەقدا هەیە دامەزراوە. بەتایبەتیش لێکەوت و دەرکەوتەکانی لایەنی دەروونی دەقنووس لە دەقەکانیدا کە هەمیشە ئەم لایەنە رۆڵێکی بەرچاوی لە داهێنانی دەقدا هەیە، بەڵام ئەم میتۆدە رەخنەییە شیکردنەوە و راڤەکانی لەسەر بنەمای یەکێک لە تیۆر و چەمک و گوتەزاکانی قوتابخانەی دەروونناسیدا ئەنجام دەدات.

دەشێ بڵێین رەخنەی دەروونشیکاری بریتییە:

لەو میتۆدە رەخنەییەی کە قوتابخانەی دەروونشیکاری سەر بە دەروونناسی بناغەی درووستبوونەکەیەتی و لە توێژینەوە و راڤەکردن و شیکردنەوەی رەهەند و لایەنی دەروونی لە دەقدا پشت بە چەمک و زاراوە و کەرەستە و گوتەزا و بنەما و میکانیزم و تەکنیک و هەنگاوە کردەییەکانی تیۆرە جیاوازەکانی قوتابخانەی دەروونشیکاری دەبەستێت.

توێژینەوە و شیکردنەوە و راڤەکردنی رەهەندی دەروونی لە دەقی ئەدەبیدا، لەو روانگەیەوە کە دەق رەنگدانەوەی دەروونی خاوەنەکەیەتی و رەهەندی دەروونی بە هەموو دۆخە جیاوازەکانییەوە ئامادەیی لە نێو دەقدا دەبێت، لە پرۆسەی راڤەکردن و توێژینەوەشدا پشت بە چەمك و زاراوە و میکانیز و تیۆر و هەنگاوە پراکتیکییەکانی ئاراستە جیاوازەکانی نێو ئەم قوتابخانەیە دەبەستێت.

رەخنەی دەروونشیکاری لەمیانی پرۆسە رەخنەییەکەیدا هەم گرنگی بە (خاوەنی دەق) کە دەقنووسە دەدات، هەم گرنگی بە (دەق) دەدات. هەوڵی توێژینەوە لەم دوو لایەنە دەدات بە پشتبەستن بەو چەم و زاراوە و میکانیزمە

شیکەرەوەییانەی زانایانی دەروونشیکاری دایانهێناوە. بایەخ بە دەقنووس دەدات، لەبەرئەوەی دەقنووس خاوەن کەسێتییەکی دەروونی تایبەتی هەیە و ئەم دەزگا دەروونییەی کەوتۆتە ژێر کاریگەری کۆمەڵێك هەژموونی جیاوازەوە کە خۆی لە ئاگایی و نائاگای و من و منی باڵا و ئەو و نائاگایی گەلەکی و گرێی نزمی و ... هتد هەیە. ئەمانە رەنگدانەوەیان بەسەر رەفتار و گوفتار و داهێنان و چالاکییە جیاوازەکانی مرۆڤەوە هەیە. بۆیە ئەمانە رۆڵی راستەوخۆ لە ئاراستەکردنی هەموو چالاکییە مرۆڤایەتییەکان دەبینن. کە یەکێك لەمانەش داهێنانی ئەدەبی و هونەرییە، کە لە روانگەی رەخنەی دەروونشیکارییەوە رەنگدانەوەی ئەم هەژموونە جیاوازانەیە. لە لایەکی ترەوە؛ بایەخ بە دەقیش دەدات، لەبەرئەوەی دەق رەنگدانەوەی دەروونی دەقنووسە و دەروونی دەقنووس رەنگدانەوەی لە نێو دەقەکەدا دەبێت و بە شێوەی رەمز ئاماژە بە دۆخ و حاڵەتە دەروونییە جیاوازەکان دەکات. بەمەش دەق دەبێتە کەرەستەیەکی دەوڵەمەند و گرنگی دەروونشیکاری کە لەمیانییەوە هەنگاوە شیکەرەوەییەکانی تێدا ئەنجام دەدات.

**١-٢: سەرهەڵدانی ڕەخنەی دەروونشیکاری بە کاریگەری قوتابخانەی دەروونشیکاری (فرۆید)ی :**

لەسەرەتایی سەدەی بیستەمدا لەگەڵ دەرکەوتنی زانستی دەروونناسی شیکەرەوەیی لەسەر دەستی (فرۆید ١٨٥٦ – ١٩٣٩) و بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی بەناوی (لێکدانەوەی خەونەکان) لە ساڵی (١٨٩٩)وە سەرەتاکانی ئەم میتۆدە دەرکەوت، لەم توێژینەوەیەدا (فرۆید) باسی هەرسێ لایەنی دەروونی (من و منی باڵا و ئەو) و کاریگەری نائاگایی لە ئاکاری مرۆڤ و چالاکییە جیاوازەکانی و ئەو گرێ و نەخۆشییە دەروونییانەی تووشی مرۆڤ دەبن، کردووە، هەروەها باسی بنەماکانی خەونیشی کردووە، کە دەبێتە هۆی جێبەجێکردنی بەشێک لە حەز ئارەزووە تێرنەکراوەکانی مرۆڤ، ئەمەش لەو روانگەیەوە کە خەون یەکێکە لەو

رێگایانەی مرۆڤ پەنای بۆ دەبات بۆ بەتاڵکردنەوەی ئەو غەریزانەی لە نائاگاییدا خەفەکراون. ئەمە یەکەمین لێکۆڵینەوەی (فرۆید) بووە لە بواری شیکردنەوەی دەروونی تاك. ئەو بۆ توێژینەوە لە دەروونی مرۆڤ و جیهانی ئاگایی و نائاگایی و کاریگەرییان بەسەر ژیان و رەفتاری مرۆڤ و دروستبوونی گرێیە دەروونییەکان و رەنگدانەوەیان لەنێو هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ و دەوروبەر و پشتڕاستکردنەوەی بۆچوونەکانی لەبارەی ئەو چەمك و دیاردانەوە، لە بەشێکی کار و توێژینەوەکانیدا پشتی بە ئەدەب و هونەر بەستووە و ئەمانەی وەکو کەرەستە و وەسیلەیەك بۆ توێژینەوەکانی و سەلماندنی بۆچوونەکانی بەکارهێناوە. لەمبارەیەوە خۆی دانی بەوە داناوەکە ((شاعیران پێش فرۆید کەوتوون لە پێشبینیکردنی زۆرێک لە راستییە دەروونییەکان. بەڵام شاعیران ئامانجیان ئەوەبوو ئەو شتانە بڵێنەوە کە چێژ بۆ رۆح دەهێنێت، لە کاتێکدا فرۆید هەوڵی دامەزراندنی یاساکانی زانستێکی کۆدکراوی دەدا)) (فروید، ١٩٩٤، ١١-١٢)، لەمیانی ئەو دەقە ئەدەبی و هونەرییانەوە کە توێژینەوەی دەروونی لەبارەوە دەکردن.

(فرۆید) لە میانی توێژینەوەکانی لەبارەی (چەپاندن)ەوە دەروونی مرۆڤ بەسەر سێ بەشدا دابەش دەکات، کە بریتین لە (ئاگایی consciousness، پێش ئاگایی preconscious، نائاگایی unconsciousness)، ئەمانە رۆڵیان لە بونیادنانی کەسێتی مرۆڤ و رەفتار و گوفتار و هەڵسوکەوتەکانیدا هەیە و راستەوخۆ مرۆڤ ئاراستە دەکەن. ئاگایی: ئاگایی بوار یان مەیدانی عەقڵە و هەموو ئەو هەست و درك پێکردن و رەگەزانەی یادگە دەگرێتەوە، کە مرۆڤ بەشێوەیەکی کاتی بە ئاگایە پێیانەوە؛ واتە ئەو بەشەی لە ژیانی عەقڵی ئێستایی کە مرۆڤ ئاگادارییەتی. بەو مانایەی هەموو ئەو کردەوە و چالاکی و گفتوگۆ و رەفتار و گوفتار و شتانەی کە مرۆڤ لە دۆخی ئێستاییدا ئاگایی پێیانەوە هەیە و هەستیان پێدەکات دەگرێتەوە. پێش ئاگایی: ئەم بەشە بە ئەمباری ئەو ئەزموونە عەقڵییانە دادەنرێت

کە مرۆڤ هەموو کات هەستیان پێناکات، بەڵکو ئەوکاتانەی پێویستی پێیانە ئەوا دەتوانێت بیانهێنێتەوە بۆ نێو ئاگایی، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەم ئەزموونانە لەبار و گونجاون بۆ دووبارە گەڕاندنەوەیان بۆ ئاگایی و بە گەڕانەوەیان کێشە بۆ مرۆڤ درووست ناکەن.

نائاگایی: ئەو بەشەیە لە دەروونی مرۆڤدا کە شوێنی ئەمبارکردنی حەزو ئارەزوو و غەریزە تابۆ و قەدەغەکراو، یان ترس و رووداو و کارەساتێك کە بە ئازار بوو‌بێت، کە مرۆڤ ناتوانێت لە ماوەی ژیانیدا، یان لە ژیانی رۆژانەیدا تێریان بکات و بیانهێنێتە دی، یان بۆی ئەستەم و بە ئازارە کە بیانهێنێتەوە ئاگایی، ئەمەش بەهۆی نەگونجانیان لەگەڵ یاسا و رێسا و داب و نەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان و ئایین و واقیع یان بەهۆی ئەوەی ئەزموونێکی تاڵ و ناخۆش لای مرۆڤ دروست دەکات، بۆیە مرۆڤ خەفەیان دەکات و دەیاننێرێت بۆ ئەم بەشە، تاوەکو هەلێکی گونجاو دەدۆزنەوە و دێنەوە نێو ئاگاییەوە، لە ڕێی (خەون، هونەر، ئەدەب، خەواندنی موگناتیسی، بێهۆشبوون، شێتی، وڕبوون، ... هتد) (فروید، ٢٠٠٠، ٤١-٥٣). ئاگایی و پێش ئاگایی پێوەندییەکی ئەوتۆیان بە داهێنانی هونەری و ئەدەبییەوە نییە، کەچی بە بۆچوونی (فرۆید) نائاگایی راستەوخۆ پێوەندی بە داهێنانی هونەری و ئەدەبییەوە هەیە و کاریگەری بەسەر کەسێتی و ژیان و دەروون و رەفتار و گوفتاری مرۆڤ (دەقنووس)یشەوە هەیە. بە جۆرێك کە زۆرجار ئەم کاریگەرییانە لەنێو بەرهەمەکانیدا دەردەکەون.

لەلایەکی ترەوە، (فرۆید) دەروونی مرۆڤی بەسەر سێ بەشدا دابەش کردووە، ئەوانیش بریتین لە: (من Ego، منی باڵا Super Ego، ئەو Id). (ئەو Id) ((پێش هەموو شتێك لە حەزە غەریزییەکان پێکدێت)) (فروید، ٢٠٠٠، ٢٦)؛ کەواتە پێکهاتەی (ئەو) بریتییە لە حەز و ئارەزووە غەریزییە خەفەکراوەکانی مرۆڤ بە درێژایی ژیانی، بۆیە (ئەو) لادان و حەزکردن بۆ تێرکردنی ئارەزووەکان

دەگرێتەوە، هەوڵدەدات (من) لەو داب و نەریت و یاسایانەی (واقیع) و (منی باڵا) بۆیان داناوە، لابدات. (ئەو) سەر بە نائاگاییە و کۆگای حەز و ئارەزووەکانە. (ئەو) بە هیچ شێوەیەك بەگوێرەی داب و نەریت و یاسا و رێسا و پرەنسیپە ئایینی و ئاکارییە باڵاکان بەرێوەناچێت و نرخ و بەهایەکیان بۆ دانانێت. بەڵکو لەسەر پرەنسیپی تێرکردن و بەدیهێنانی چێژ و خۆشی دوور لە پرەنسیپی ئازار و سزا کاردەکات و هەموو کات هەوڵدەدات (من) ناچاربکات بە تێرکردنی حەز و ئارەزووەکانی. (من Ego) دووەم هێز و پێکهاتەیە لە دەروونی مرۆڤ، نێوەندگیری نێوان (ئەو) و (جیهانی دەرەکی) دەکات و کۆنترۆڵی جوڵە و رەفتارە ئیرادییەکان دەکات و بە ئەرکی پاراستنی خود هەڵدەستێت (فروید، ٢٠٠٠، ٢٦-٢٧). (من) لایەنی رواڵەت لە کەسێتی دەگرێتەوە و سەر بە جیهانی ئاگاییە، واتە دەتوانرێت هەست بە پێکهاتەکانی بکرێت. (من) هەوڵدەدات لە سنووری لۆژیك دەرنەچێت، واتە هەڵسوکەوتەکانی لە سنووری بنەماکانی سروشت، کە جیهانی واقیع بڕیاری لەسەر داوە دەرناچێت، چونکە پەیوەستە بە جیهانی دەرەوە (واقیع). هەوڵی جێبەجێکردنی حەز و ئارەزووەکان دەدات،بەڵام بەو شێوەیەی کە گونجاو و بەجێیە و لەگەڵ واقیع و (منی باڵا)دا دەگونجێت و لەگەڵیاندا ناکۆك نین، بۆیە لەکاتی نووستندا بوونی نییە، واتە کاریگەرییەکانی بەسەر مرۆڤ لەکاتی نووستندا نامێنێت. (من) هەوڵی پاراستنی دەروون دەدات، و لە (ئەو) و (منی باڵا) جیاناکرێتەوە، بەڵکو لەگەڵیاندا لەکارلێککردنی بەردەوام دایە. (من) واقیعی دەرەوە بەو شێوەیەی کە هەستەکان وەریدەگرن، دەنوێنێت (قصاب، ، ٥٥). ئەم بەشەی دەروونی مرۆڤ  وای لێدەکات پێوەندییەکی سروشتی لەگەڵ دەوروبەرەکەی ببەستێت. هەرچەندە سەر بە ئاگاییشە، کەچی هەندێك جار لەژێر کاریگەری نائاگاییش دایە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر داواکاری و حەزێك کە لە (ئەو)ەوە بۆی بێت یەکسەر بۆی جێبەجێ ناکات. بەڵکو چاوەڕوانی

بڕیارەکانی واقیع و بڕیارەکانی (منی باڵا) دەکات بۆئەوەی بزانێت داواکاری و حەزەکانی (ئەو) لەگەڵ پێوەرەکانی ئەم دوانەدا دەگونجێن یان نا. ئەگەر نەگونجان ئەوا دەینێرێتەوە بۆ جیهانی نائاگایی بۆئەوەی لە دەرفەتێکی تردا هەلێکی تری بۆ بڕەخسێت و بگەڕێتەوە جیهانی ئاگایی. (من) لایەنی بینراو یان دەرکەوتووی کەسێتییە و کەوتۆتە ژێر کاریگەری نائاگایی و واقیعی دەرەکییەوە، ئەو واقیعە دەرەکییەش کە لە کۆمەڵگا و داب و نەریت و یاسا و ڕێسا و کات و سەردەم پێکهاتووە و کاریگەری بەسەر پێکهێنانی (من)ەوە هەیە. (من) لە هەوڵدایە هەڵسوکەوت و رەفتار و ئاکارەکانی جێی رەزامەندی واقیعی دەرەکی بێت و لە پڕەنسیپەکانی لانەدات، بۆیە وەك ناوەندێك وایە لەنێوان (حەزەکانی ئەو) و (واقیعی دەرەکی)دا، بەردەوام لەگەڵ واقیعی دەرەکی لە پێوەندی دایە بۆئەوەی ئەو حەزوو ئارەزووانەی ئەو کە گونجاو و ئاسایین بەرجەستەیان بکات.

(منی باڵا - Super Ego)ش هێزێکی زاڵ و ڕێگرە، لە کۆمەڵێك داب و نەریت پێکهاتووە، کە هەر لەسەردەمی منداڵییەوە لای مرۆڤ کۆبۆتەوە، چاودێری (من) دەکات و لە هەڵە دەیپارێزێت، بۆیە هیچ گرنگییەکی لە بواری داهێنانی ئەدەبیدا نییە (قصاب، ٢٠٠٧، ٥٥-٥٦). (منی باڵا) هێزی سێیەمە لە دەروونی مرۆڤدا کە دەبێت (من) دانی پێدابنێت و حیساب بۆ بڕیار و دەسەڵاتی بکات (فروید، ٢٠٠٠، ٢٧). (منی باڵا) لە داب و نەریت و یاسا و ڕێسا و پڕەنسیپە ئاکارییە باڵاکان و ئایینییەکان پێکهاتووە، کە لە واقیعی دەرەکییەوە وەری گرتوون، سەرچاوەی وەرگرتنەکەشی جیاوازە، بۆ نموونە دایك و باوك و کۆمەڵگا و ئایین و هۆز و تیرە و کۆمەڵەکانە، کە تاك لە ژێر رۆشنایی ئەمانە دەژیت و دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەمانە و دواجاریش ئەمانە دەبنە هۆی پێکهێنانی (منی باڵا)ی تاك. بۆیە (منی باڵا) وەك چاودێر وایە بەسەر (من)ەوە و ناهێڵێت (من) تووشی هەڵەبێت، بۆیە بە ئەرکی هاوسەنگی کردنی پێوەندی نێوان (من) و حەز و ئارەزووەکانی (ئەو) هەڵدەستێت.

بەبڕوای (فرۆید) ئەم سێ بەش (هێز)ەی دەروون لە ململانێیەکی بەردەوام دان، هەرجارەی یەکێکیان بەسەر ئەوی تریاندا زاڵ دەبێت. ئەم ململانێیەش لە ئاکاری کەسەکە دەردەکەوێت و لەئەنجامی ئەم ململانێیەشدا هەندێك چەمکی وەکو (دامرکاندنەوە و کپکردن و هەڵچوون و پاکانە و....هتد) دەردەکەون (شراد، ١٩٩٨، ٢٣٧-٢٣٨). بە بۆچوونی (فرۆید) ئاکار و هەڵسوکەوت و قسەکردن و شێوازی ژیانی مرۆڤەکان دەرەنجامی فەرمانەکانی (ئەو) بە هێنانەدی ئارەزووەکان و رێگرییەکانی (منی باڵا) لە هینانەدییان بەشێوەی نەگونجاو و ناوبژیوانییەکانی (من) لەنێوان هەردوو داواکارییەکانی (ئەو) و (منی باڵا) دایە و ئەمەش بەردەوامە تا مرۆڤ لە ژیاندابێت، بۆیە زۆرجار دەروونی مرۆڤ بەدەست ئەم ململانێیە بەردەوامە توشی شەکەتی و ماندبوون و تێکشکان دەبێت.

**١-٣: سیما و بنەماکانی رەخنەی دەروونشیکاری:**

رەخنەی دەروونشیکاری لە روانگەی چەند بنەمایەکی رەخنەییەوە مامەڵە لەگەڵ تێکستی ئەدەبی دەکات، کە لە خوارەوە هەندێک لەم بنەما سەرەکییانە دەخەینەڕوو:

- دەق رەنگدانەوەی دەروونی دەقنووسە: ئەم میتۆدە ئەدەب بە رەنگدانەوەی رەهەندی دەروونی دادەنێت و پێیوایە کە ئەدەب بەرهەمێکە ((وەڵامدەرەوەی پاڵنەرە دەروونییە دیارکراوەکانە، لە لایەن کۆمەڵێك هێزی دەروونی جیاوازەوە دەردەچێت)) (قصاب، ٢٠٠٧، ٦٢)، بەلای ئەم میتۆدەوە رەهەندی دەروونی کاریگەرییەکی زۆری بەسەر ئەدەبەوە هەیە و یەکێك لەو رەهەندانەی رۆڵیان لە داهێنانی ئەدەبدا هەیە، بریتییە لە رەهەندی دەروونی. بەتایبەتیش بارودۆخی دەروونی دەقنووس و ئەو کاریگەری و شوێنەوارانەی لە دەروونی دەقنووسەوە شۆڕدەبنەوە بۆ نێو دەقەکانی و دەبنە بەشێك لە بونیادی دەقەکە.

• نائاگایی سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی دەقی ئەدەبییە: یەکێك لەو سەرچاوە نادیار و سەرسورهێنەرانەی رۆڵی بەرچاویان لە داهێنانی ئەدەبدا هەیە، بریتییە لەو جیهانە نائاگاییەی (سیگمۆند فرۆید) لە دەروونی مرۆڤدا دۆزییەوە و ئەمباری حەز و ئارەزوو و غەریزە چەپێنراوەکانی مرۆڤە، کەواتە لای ئەمانە ئەدەب و هونەری بەرز و سەرنجڕاکێش سەر بە ناهۆشیاری و نائاگایین، نەك هۆشیاری و ئاگایی. (فرۆید) پێی وایە ئەدەب بەرهەمی نائاگایی تاکە و گوزارشت لەو جۆرە نائاگاییە دەکات، کەچی (یۆنگ) پێی وایە ئەدەب بەرهەم و رەنگدانەوە و گوزارشتکەری نائاگایی گەلەکییە و بەشێك لە رابردوو و مێژووی رەچەڵەك و رەگەزەکەی و راستییەکانی ژیانی پێش گەشەکردنی یەکەم و رووداو و بەسەرهات و ئەفسانە و رەمز و ... هتد لە نائاگایی گەلەکیدا عەقڵ پاراستوونی و نەوە دوای نەوە بۆ ژیانی نەوەکانی تری سەر بەو رەچەڵەکە دەگوازینەوە (قصاب، ٢٠٠٧، ٦٤).

• داهێنانی ئەدەبی جۆرێکە لە گەڕاندنەوەی هاوسەنگی بۆ دەروونی دەقنووس: دەروونی مرۆڤ بەردەوام لەنێو ململانێیەکی قوڵ و شاراوەدا دەژیت، ململانێیەك پێوەندی بە سروشتی ناخ و دەروونی مرۆڤەکان و ئاگایی و نائاگاییانەوە هەیە. ململانێیەك لەنێوان حەز و داواکارییە زۆرەکانی (ئەو) و چاودێریکردن و سانسۆر خستنەسەر و رەتکردنەوە بەردەوامەکانی (منی باڵا) و سانسۆرەکانی (واقیع) بۆ حەز و ئارەزووە نەشیاو و نەگونجاوەکانی (ئەو) و گەڕاندنەوەیان بۆ نێو نائاگایی. بۆیە ئەم حەز و ئارەزووانە هەوڵدەدەن رێگەی تر بدۆزنەوە بێنەوە نێو ئاگایی، بەمەش لەڕێی هەندێك تەکنیك و میکانیزمەوە شێوەی خۆیان دەگۆڕن و شێوەیەکی تر وەردەگرن لەنێو ئەدەب و هونەردا دووبارە خۆیان بەرجەستە دەکەنەوە، بەمەش جۆرێك لە هاوسەنگی کاتی بۆ نێو دەروون دەگەڕێتەوە دەقنووس هەست بە ئارامییەکی کاتی دەکات.

• رەخنەیەکی راڤەییە: پرۆسە رەخنەییەکەی ئەم میتۆدە راڤەییە و بایەخ بە راڤەکردنی رەهەندی دەروونی و دەلالەتە دەروونییەکانی نێو دەق دەدات و پێیان وایە دەق لە ((چەندین چین لە دەلالەتی کەڵەکەبوو بەسەر یەکترییەوە)) (خليل، ٢٠٠٢، ٤٠). پێکهاتووە، کە پێویست بە راڤەکردن و شیکردنەوەیان دەکات بۆ دۆزینەوەی واتاکانیان.

• گرنگیدان بە ژیانی دەقنووس: دوای ماوەیەکی زۆر لە سەرهەڵدان و ناساندنی، رەخنەی شیکردنەوەی دەروونی بەشێوەیەکی سەرەکی جەختی لەسەر دەقنووس کردۆتەوە. کە بە ژیاننامەی خودی Psychobiography ناسراوە، ئەم میتۆدە شیکردنەوەییە هەڵدەستێت بە کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی دەقنووسەوە، لە رێی ژیاننامەی کەسی دەقنووس، نامە کەسییەکان، موحازەرەکان، یان هەندێك لە بەڵگەنامەکان کە پێوەندییان بە دەقنووسەوە هەیە (Bressler, 2012, 138). کە دواتر ئەم زانیارییانە لە پرۆسە رەخنەییەکان و راڤەکردن و شیکردنەوەی رەهەندی دەروونی نێو دەق کەڵکی لێوەردەگیرێت.

• دەقی ئەدەبی سیستەمێکی رەمزییە، واتە دەقی ئەدەبی لە چەندین رەمز پێکهاتووە کە پێویستە بدۆزرێنەوە و شیبکرێنەوە (البركة و أخرون، ٢٠٠٢، ٢٣)، چونکە دەقنووس هەوڵ دەدات ئەوەی لە نائاگاییدا چەپاندوویێتی و بواری دەرچوونی بۆ جیهانی نائاگایی نەبووە جا لەبەر هەر هۆکارێک بێت، ئەوا لە دەقی ئەدەبیدا دەیگۆڕێت بۆ کۆمەڵێک رەمز کە ئاماژە و دەلالەتی شاراوەیان هەڵگرتووە و چەپێنراوەکان لەمیان ئەو رەمزانەوە دەردەبڕێت.

**١-٤: دەق و رەخنەی دەروونشیکاری:**

میتۆدی دەروونشیکاری (رەهەندی دەروونی) لە دەقدا دەکاتە کەرەستەی سەرەکی و راستەوخۆی نێو پرۆسە رەخنەییەکەی و هەوڵی زەقکردنەوەی رەهەندی دەروونی لە دەق دەدات و لەسەر ئەم هاوکێشەیەش کار دەکات و لە

گۆشەنیگای دەروونییەوە راڤەی دەقەکە دەکات، ئەمەش لەو بۆچوونەوە سەری هەڵداوە کە پێیوایە یەکێك لەو ڕەهەندانەی رۆڵیان لە بونیادنانی دەقی ئەدەبیدا هەیە، بریتییە لە (ڕەهەندی دەروونی). ئەو ڕەهەندە دەروونییەش چ راستەوخۆ پێوەندی بە کەسێتی و ژیانی دەقنووسەوە هەبێت و خۆڕسك بێت یان کاردانەوە و پەرچەکرداری کردار و رەفتارێك بێت، چ پێوەندی بە کۆمەڵگا و کولتور و داب و نەریت و ژینگە و سروشت و رووداو و دیمەنی ناخ هەژێنەوە هەبێت و لەنێو دەقی ئەدەبی و هونەریدا رەنگ بداتەوە و مۆرکێکی دەروونی بە دەقەکە ببەخشێت و بەمەش ڕەوایەتی بەم رەخنەیە دەدات هەنگاوەکانی خۆی لەسەر دەقەکە پڕاکتیزە بکات. بۆیە ((لەسەر ئەم بنەمایە ئەرکی دەقی ئەدەبی لای ئەم رەخنەگرانە روونە کە بریتییە لە:

- کاردانەوەی ئەو چەپاندنەیە کە نووسەر لە ژیانیدا پێیەوە دەناڵێنێت.
- بەرجەستەکردنی ئەو گرێ دەروونییانەیە کە نووسەری سەرقاڵ کردووە.
- رەمزێکە کە نووسەر ئاواتی پێدەخوازێت و خەون بە هێنانەدییەوە دەبینێت)) (البركة وآخرون، ٢٠٠٢، ٢٢-٢٣).

ئەم رەخنەیە تێکست بە رەنگدانەوەی دەروونی خاوەنەکەی دادەنێت ((رابەرانی قوتابخانەی سایکۆلۆژی دەقی ئەدەبی بە گوزارشتێکی راستەوخۆی کەسێتی نووسەر دادەنێن و بەمەش بەرهەمی ئەدەبی وەك هۆکارێك وەردەگرن کە یارمەتیدەریانە بۆ دۆزینەوەی ئەو کەسێتییە و روونکردنەوەی ئەدگارە جیاوازەکانی و گۆشەنیگا شاراوەکانی)) (رشدي، ١٩٧١، ٨٢-٨٣)، دەق رەنگدانەوەی حاڵەتە دەروونییە جیاوازەکان و هەستی پەنگخواردووی ناخ و سۆز و هەڵچوونی دەروونی دەقنووسە. دەق بەرهەمی کارلێکی نێوان دەقنووس و ئەو دیمەن و رووداو و وێناکردن و خەیاڵەیە کە دەروونی دەقنووس دەهەژێنێت و تووشی حاڵەتە جیاوازەکانی هەڵچوونی دەروونی دەکات و لە ئەنجامیشدا دەق

دێنێتە بوون و ((ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیەکە رەگەزی دەروونی ڕەسەنە لەنێو ئەدەبدا؛ ئەدەب لە کرۆکیدا ئەزموونێکی هەستییە، و بریتییە لە وەڵامدانەوەی کاریگەرییە دەروونییە دیارکراوەکانە)) (قصاب، ٢٠٠٧، ٥٤). بۆیە کاری سەرەکی ئەم رەخنەیە ئیشکردنە لەسەر ئەم پێوەندییەی نێوان دەق و دەروونی دەقنووس و ئەو ئەنجامەی لەم کارلێکەوە دروست دەبێت؛ بەومانایەی رەخنەگر هەوڵ دەدات لە شیکردنەوە و راڤەکردن و توێژینەوەی رەمزەکانی نێو دەق (ئەو رەمزانەی مەدلوولی دەروونییان هەڵگرتووە) و دۆزینەوەی واتا شاراوەکان، پەنا بۆ ژیاننامەی دەقنووس ببات، هەوڵدەدات بەهۆی ئەم زانیارییانەوە رەمزەکانی نێو دەقەکە راڤەبکات (کە لێرەدا لە دەقەوە بەرە و دەقنووس دەچێت و دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ راڤەی دەقەکە)، کە ئەمەیان ئاراستەیەکە ئاراستەکانی رەخنەی دەروونشیکاری لە توێژینەوەی تێکستدا. یان کەسێتی دەروونی دەقنووسەکە یان حاڵەتە دەروونییە جیاوازەکان لە ڕێی دەقەکانییەوە دەخاتەڕوو، واتە راستەوخۆ لەنێو خودی تێکستەکەوە پرۆسەکە ئەنجام بدات و پێویستی بە دەقنووس نەبێت، بەڵکو لە خودی دەقەکانییەوە دەروون و ژیانی دەروونی دەقنووسەکە روون بکاتەوە، کە ئەمەش ((یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی رەخنەی دەروونی، چونکە ئامانج لە توێژینەوەکە شیکردنەوەی کەسێتی نووسەر نییە بۆ تێگەیشتن لە نووسینەکانی، بەڵکو بەپێچەوانەوە بریتییە لە شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی بۆ تێگەیشتن لە دەروونی ئەوەی کە دەقەکەی نووسیووە)) (البرکة وآخرون، ٢٠٠٢، ٢٢) ، ئەمەشیان ئاراستەیەکی ترە لە توێژینەوەی تێکست لەم میتۆدەدا. لەبارەی ئاراستە جیاوازەکانی میتۆدی رەخنەی دەروونییەوە بۆچوونی جیاواز هەن، دەکرێت بڵێین: ((شیکردنەوەی دەروونی لە دوو لایەنی گرنگەوە دەچێتە نێو هونەر و ئەدەبەوە ئەوانیش، یەکەم: راڤەکردنی کردەی داهێنان، دووەم: راڤەکردنی دەقی

ئەدەبی- ئەگەر ئەم گوتەیەمان لە ئەدەبدا قەتیس کرد- جارێکیان لەوەدا کە دەقەکە ڕەنگدانەوەی لەسەر ژیانی تایبەتی خاوەنەکەی دەبێت (ئەمەیان تایبەت دەبێت بە دەروونزانی بە پلە یەك)، جارێکیشیان لەوەدا کە ژیانی تایبەتی دەقنوس خۆی ڕەنگدانەوەی لەسەر دەقەکەدا دەبێت، کە ئەمەش لەنێو جەرگەی رەخنەی ئەدەبییەوەیە، بەتایبەتیش کاتێك رەمزییەتی دەقەکە تەمومژاوییە)) (الطاهر، ١٩٨٣، ٤٢٦). ئەوەی لەم بۆچوونەدا جێی سەرنجە ئەوەیە کە لە جۆری دووەمی توێژینەوەکاندا دوو ئاراستە دەستنیشان کراوە. یەکێکیان ئەوەیە دەقەکان چ ڕەنگدانەوەیەکیان لەسەر ژیانی دەقنوس دەبێت؛ واتە هەوڵبدرێت لەڕێی دەقەکانەوە لە ژیانی دەروونی دەقنوس و نەخۆشی دەروونی و گرێیە دەروونییەکان بکۆڵینەوە، کە (سیگمۆند فرۆید) ئەم ئاراستەیەی لە توێژینەوەکانیدا گرتبووەبەر، چونکە (فرۆید) سوودی لە بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکان بینیوە و وەك مادده و کەرەستەیەك بەکاریهێناون بۆ ئەوەی نهێنییەکانی ژیانی دەروونی مرۆڤ بە گشتی و نووسەرەکان بە تایبەتی بدۆزێتەوە ((فرۆید پێیوابوو نووسەر پیاوێکە کە پاڵنەرە ئیرۆتیکییەکان تێر دەکات کە لە ژیانی راستەقینەدا ناتوانرێت تێر بکرێن ئەویش بە درووستکردنی ژیانێکی فانتازی کە بتوانێت رەزامەندی غەریزەیی لە فۆرمێکی باڵادا بەدەستبهێنێت)) (Hall, 1964, 156). جۆری دووەمیان ئەوەیە کە ژیانی تایبەتی و دەروونی و کۆمەڵایەتی دەقنووس چ کاریگەرییەکی لەسەر دەقەکانی دەبێت، بەواتای ئەوەی توێژەر ژیانی دەقنووس بکاتە هۆکار و ئامرازێك بۆ تێگەیشتن و راڤەکردن و شیکردنەوەی دەقەکانی، بەتایبەتیش ئەو حاڵەتە دەروونییانەی دەقنوس بەهۆی بەڕەمزکردنەوە لەنێو دەقدا دەیانمەزرێنێت، کە رەنگدانەوەی بارودۆخ و ژیانی دەروونی و غەریزە و حەزە چەپێنراوەکانی دەقنووسن. ئەم ئاراستەیە دەچێتە نێو خانەی رەخنەی ئەدەبییەوە. شێوازی کارکردن لەم

ئاراستەیەدا بریتییە لەوەی لە دەقەکانەوە بۆ ژیانی دەقنووس هەنگاو بنێین و پاشان دووبارە بۆ دەقەکە بگەڕێینەوە، بۆئەوەی بنەمای توێژینەوەکەمان لەسەر بناغەی زانیارییە کەسییەکانی دەقنووس و قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی و لایەنی ویژدان و هەست و سۆز و هەڵچوونەکانی و ئەو دیمەن و رووداو و بەسەرهات و لایەنە جیاوازانەی کاریگەری دەروونی و ویژدانییان لادەقنووس درووستکردووە بونیاد بنێین و بەهۆیانەوە نهێنییەکانی دەقەکە شیبکەینەوە.

چەمکی دەق بەگوێرەی رەخنەی دەروونشیکاری فرۆیدی ڕەهەندی تر وەردەگرێت و چەمکەکەی وردتر و قوڵتر دەبێتەوە. (سیگمۆند فرۆید) پێیوایە دەقی ئەدەبی بەرهەمی جیهانی نائاگاییە و ئامرازێکیشە بەدەست دەقنووسەوە تا بەهۆیەوە گوزارشت لە حەز و ئارەزووە پەنگخواردوو و چەپێنراوەکانی نێو جیهانی نائاگایی بکات و ئارامی و هاوسەنگی بۆ دەروونی دەقنووس و کێشمەکێشمی نێوان حەزوو ئارەزووە چەپێنراوەکانی (ئەو – نائاگایی) و رێگری و چاودێرییەکانی (من - منی باڵا – واقیعی دەرەکی) بگەڕێنێتەوە، ئەویش بە هێنانەوەیان بۆ جیهانی واقیع و ئاگایی و تێرکردنیان بەشێوەیەك کە لەگەڵ کۆمەڵگا و ئایین و داب و نەریت و یاسا و رێساکان ناکۆك نەبن و گونجاوبن. هەڵبەت دەقیش کە بەهۆیەوە چەپێنراوەکان گوزارشتیان لێوەدەکرێت هۆکارێکە نائاگایانە دەقنووس پەنای بۆ دەبات، کە ئەمە کردارێکی بەردەوامە لە دەروونی دەقنووسدا، چونکە چەپێنراو ((بزر نابێت، بەڵکو هەر بەردەوام دەبێت و هەوڵدەدات بە ئامانجی خۆی بگات. ئەم کارەش بەشێوەیەکی نائاگایانە و لە لاڕێیەکی قەدبڕەوە ئەنجام دەدات. سەرەنجام جاریکی تریش رێگری لێکراوەکە لە ئاگاییدا هەر دەردەکەوێتەوە)) (دۆنسێل، ٢٠١٩، ١٨). ئەمەش بە گۆڕینی چەپێنراو و ڕێگریلێکراو بۆ شێوەی رەمز و نیشانەی زمانی و بەکارهێنانیان لەنێو دەقی ئەدەبیدا. خەیاڵ ڕۆڵێکی سەرەکی لە

پڕۆسەی گۆڕینی حەز و ئارەزووەکان بۆ رەمز و نیشانە دەگێڕێت، بۆیە بە بڕوای (فرۆید) شوێنی دەق ((بریتییە لە ناوچەیەك کە کەوتۆتە نێوان جیهانی واقیع کە حەزەکان پوچەڵدەکاتەوە، و جیهانی خەیاڵ کە حەزەکان بەدیدێنێت، فرۆید وا سەیری جیهانی خەیاڵ دەکات کە وەك کۆگایەك وایە لەمیانی پرۆسەی گواستنەوەیەکی بە ئازارەوە پێکدێت لە پڕەنسیپەکانی چێژەوە بۆ پڕەنسیپەکانی واقیع، ئەمەش لەپێناو ئەنجامدانی پڕۆسەی قەرەبووکردنەوەی جێگرەوەیە بەرامبەر پڕۆسەی سەرکوتکردنی حەز و ئارەزووەکان لە واقیعدا)) (عبدالحمید، ١٩٩٢، ٥٤)؛ واتە دەقی ئەدەبیش جۆرێکە لەو ڕێگە قەدبڕانەی چەپێنراو دەگەڕێننەوە نێو ئاگایی مرۆڤ. حەز و ئارەزووە چەپێنراوەکانیش بۆ ئەوەی لە شێوە و بەرگی تردا خۆیان دەربخەن و سەرلەنوێ بێنەوە نێو واقیع و جیهانی ئاگایی، پەنا دەبەنە بەر کۆمەڵێك میکانیزمی بەرگری و دەروونی و بەهۆیانەوە دەتوانن لە چاودێری و هەڕەشەکانی (منی باڵا) ڕزگاریان بێت و بەربەستەکانی چاودێری تێپەڕێنن ((یەکێك لەو گۆڕین و دەستکاری و ماسکانە: ١- چڕکردنەوە: لابردنی بەشەکانی کەرەستەی نائاگایی و تێکەڵکردنی چەند ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکانی لە یەکەیەکی تەواوکاریدا؛٢- لادان (لابردن): گۆڕینی بابەتی ئارەزووی نائاگایی یاساغ بە یەکێکی تر کە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و داب و نەریتەوە ڕێگەپێدراو بێت؛ ٣- رەمز: نواندن یان پیشاندانی چەپێنراوەکان (کە زۆرجار بابەتێکی سێکسییە) لەمیانی بابەتی ناسێکسی کە بەو حەز و ئارەزووانە دەچێت و ئاماژەی پێدەکات)) (الرويلي والبازعي، ٢٠٠٢، ٣٣٤). کاتێکیش حەز و ئارەزووەکان پەنا بۆ ئەم میکانیزمانە دەبەن و شێوەی خۆیان دەگۆڕن، وەك ئەوەی جۆرێك لە بەرگ و ماسك ببەستن بۆئەوەی (منی باڵا) چاودێرییان لەسەر هەڵگرێت، لەم پێناوەشدا خەیاڵ بەڕۆڵی خۆی هەڵدەستێت و ئەرکی میکانیزمەکانی بەرگری و دروستکردنی ماسك بۆ حەز و ئارەزووەکان و گۆڕینی

شێوەیان بۆ شێوەیەکی جیاوازتر کە لەگەڵ کۆمەڵگا و جەماوەردا گونجاو بێت، ئاسانتر دەکات. سەرچاوەی داهێنانی دەقی ئەدەبی لای (فرۆید) بریتییە لە (نائاگایی تاك یان نائاگایی کەسی)، دەقنووس وزە و پێکهاتە و کەرەستە جۆراوجۆرەکانی نێو ئەم جۆرەی نائاگایی دەگۆڕێت بۆ جۆرێك لە داهێنان، کە لەگەڵ واقیعدا بگونجێت و یاساغ نەبێت، کەواتە دەقنووس نائاگایی خۆی لەڕێی دەقەکانییەوە بەتاڵ دەکاتەوە و ئەو نائاگاییەی دەقنووس دەبێتە سەرچاوەی داهێنانی دەق، چونکە دەقی ئەدەبی تایبەتە بە نائاگاییەوە. زۆربەی حەز و ئارەزووە کپکراوەکان دەچنە ناوچەی نائاگاییەوە و لەو شوێنە دەمێننەوە تا هەلێکیان بۆ دەڕەخسێت، لەشێوەی خەون یان خەیاڵ یا بەرهەمی ئەدەبی و هونەری جارێکی تر سەرهەڵدەدەنەوە. لە گرنگترین ئارەزووە کپکراوەکانی مرۆڤ(بە بڕوای فرۆید) ئارەزووی سێکسییە، کە ئەو بە (لیبیدۆ – Libido) ناوی دەبات. گوایە ئەدەب و هونەر بەرهەمی حەز و ئارەزووە سێکسییەکانن. ئەم بۆچوونەشی دواتر لەلایەن قوتابییەکانی خۆیەوە ڕەتکرایەوە. هەروەها (فرۆید) دەقی ئەدەبی بە خەون دەچووێنێت، بە واتایەکی تر دەقی ئەدەبی بە یاری منداڵان و کردەی خەیاڵکردن و خەون دەچووێنێت. ئەو دەڵێت دەقی ئەدەبی هەروەکو خەون و خەیاڵ بریتییە لە گوزارشتکردن لەو حەز و ئارەزووە کپکراوانەی هەر لە سەردەمی منداڵییەوە تا تەمەنی پێگەیشتن لە ناوچەی نائاگاییەوە هەڵگیراون. چونکە ئەدیب پێشتر نەیتوانیووە حەز و ئارەزووەکانی خۆی بەجێ بهێنێت، لەبەر کۆمەڵێك یاسا و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و ئاکاری و ئایینی، بۆیە ئەم حەز و ئارەزووانە لە ناوچەی نائاگاییدا دەمێننەوە، تا لەکاتی خەون بینین یان خەیاڵکردن یان داهێنانی بەرهەمی هونەری و ئەدەبیدا هەندێك لەو حەز و ئارەزووانە بەرجەستە دەبن.

**٢: دەقی (لە دەستم دێ)ی (عبدالله پەشێو) لە روانگەی رەخنەی دەروونشیکارییەوە:**

لەدەستم دێ
١. لە دەستم دێ
کاتژمێری کامەرانیت، بوەستێنم
٢. لە دەستم دێ،
ئەڵقەی پەنجەت پێ فڕێ دەم
٣. لە دەستم دێ،
هەموو شتێک ئاشکراکەم،
کام شەوت گەش و رووناکە،
ئەو شەوی پف لە چراکەم
٤. لە دەستم دێ،
بە دوو وشە،
دڵی زاوای نوستووت... ڕەش کەم
لە خۆشاوی،
شەوی پەردەتان... بێ بەش کەم!
٥. نامەکانت...
یەک یەک ماون
دیارییە سادەکانت...
یەک یەک ماون
چاویان شۆڕە...
دەست لەسەر سنگ، بۆم وەستاون!
لە تاوی ئەو کارەساتەم،


ئارەقەی شەرم ئەتکێنن
مۆری حەزێکی ئاگرین،
بەناوچاوتەوە.. ئەلکێنن!
٦. تاڵێکی پرچت نەماوە
تێر تێر بۆنم نەکردبێ!
جێی دەرزییێک
لە سنگی برسیت نەماوە
پەنجەم پەی پێ نەبردبێ!
٧. گەواهی ئەدەن... لەسەرت،
دار تێلەکانی، سەر شەقام!
گەواهی ئەدەن... ئەوانەی
نامەی تۆیان بۆ دەهێنام
٨. بەڵێ گیانە...
گەر بمەوێ،
کاتژمێری کامەرانیت، بوەستێنم
٩. گەر بمەوێ،
ئەڵقەی پەنجەت، پێ فڕێ دەم،
نامەی بەختت، بسووتێنم
١٠. بەڵگەم پێیە!
هەزار بەڵگەی ئاشکرا و روون
بەڵگەی... چوار ساڵ، پێکەوە بوون
١١. بەڵام چ بکەم؟!
خۆشەویستیت...

نەهەنگێکە،
خوێنی هەڵچووم... ئەخواتەوە
خۆشەویستیت
رووبارێکە، ڤینی رەشم، ئەشواتەوە (پەشێو، ٢٠٠٢، ١١٢-١١٤)

ئەدەب بە گشتی و شیعر بە تایبەتی رەنگدانەوەی ناخ و دەروونی ئەدیب و شاعیرەکانن، کە لە ماوەی ژیانیاندا و لە ئەنجامی بەریەککەوتن و مامەڵەکردنیان لەگەڵ کۆمەڵگا و واقیع و تاکەکانی نێو کۆمەڵگا و ئەو دیمەن و رووداو و بەسەرهاتانەی رووبەڕوویان دەبنەوە لە کات و سات و سەردەمی جیاوازدا دۆخ و گرێ و کێشەی دەروونی جیاوازیان لا درووست دەبن. لەسەر ئەم بنەمایە دەقی (لە دەستم دێ) یەکێکە لەو دەقی شیعرییانەی شاعیر کە ڕەنگدانەوەیەکی ورد و قوڵی ناخ و دەروونی شاعیرە. ناخ و دەروونێک کە کە بە تەواوی رەنگدانەوەی ئەزموونێکی خۆشەویستی شکستخواردووی ژیانی شاعیرە. ئەو ئەزموونە تاڵەی وای لە شاعیر کردووە کەف و کۆڵی دڵی بریندار و توڕەیی و حەزی تۆڵەکردنەوەی لە نائاگایی خۆیدا خەفەبکات، لە کاتێکدا غەریزەی توڕەیی و حەزی تۆڵەکردنەوەی بەردەوام لە هەوڵدایە بگەڕێتەوە بۆ ئاگایی شاعیر و ببێتە واقیع، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت شاعیر هەست بە جۆرێکی لە ئارامی دەروونی بکات.

شیعرەکە لە یەکەم کاردانەوەیدا دژی بەرامبەر بە هەڕەشە دەست پێدەکات و لە کۆتاییشدا بێ ئەوەی هیچ یەکێک لە هەڕەشە و گوڕەشەکان بێنێتە بوون کەف و کوڵی توڕەیی شاعیر دادەمرکێتەوە و جارێکی تر ئەو واقیعەی شاعیری پێوە گرفتارە دەگەڕێتەوە بۆ نائاگایی شاعیر. شیعرەکە بە گوێرەی بارودۆخی دەروونی شاعیر و وەک ئەوەی لە دێڕەکاندا روونکراوەتەوە لە سێ هەنگاوی سەرەکی پێکدێت، سەرەتا و ناوەڕاستی شیعرەکە بە (توڕەبوون) و هەڕەشەی

(تۆڵەکردنەوە) دەستپێدەکات و دێڕەکانی (١) تا (١٠) دەگرێتەوە. کۆتایی دەقەکەش بە ئاساییبوونەوەی بارودۆخی دەروونی و گەڕانەوەی جۆرێک لە هاوسەنگی دەروونی بۆ ماوەیەکی کاتی بۆ شاعیر و پشاندانی حەقیقەتی کەسێتی شاعیر کۆتایی دێت و دێڕەکانی (١١) دەگرێتەوە، کە چەند دێرێک ژمارەیان بۆ دانراوە و کراوەتە کۆپلە و هەر کۆپلەیەکیش هەنگاوێکی بارودۆخی دەروونی شاعیر دەردەخات؛ وەک لەم هێلکارییەی خوارەوەدا روونکراوەتەوە:




ئاشکرایە ئەوەی شاعیر لەم دەقەدا باسی کردووە بەشێکە لە خستنەڕووی ئەزموونی خۆشەویستی شاعیر لەماوەی چوار ساڵی خوێندنی زانکۆییدا، کە لە لایەکەوە کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر ژیانی دەروونی شاعیردا هەبووە و جۆرێک لە نائارامی و ئاهاوسەنگی و گرێی دەروونی لای شاعیر درووست کردووە. لە لایەکی ترەوە، کاریگەرییەکی ئەرێنی هەبووە بەوەی ئەم قۆناغەی ژیانی شاعیر و ئەزموونی خۆشەویستی شاعیر سەرچاوەی داهێنانی چەندین دەقی شیعری بووە لای شاعیر. بۆیە دەبێت تێبینی ئەوە بکەین کە ڕووداوەکە بەگوێرەی ئەم دەقە ڕابردووە و بریتییە لە دابڕانی دوو خۆشەویست لە یەکتر (شاعیر و خۆشەویستەکەی) بێ ئەوەی هۆکاری دابڕانەکە خرابێتە ڕوو. شاعیر تەنیا پەنجەی تۆمەت بۆ بەرامبەرەکەی درێژ دەکات، کە ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە خۆشەویستی شاعیر تۆمەتبارە بەم دابڕانە و ڕووداوەکانی دوای دابڕانەکە، چونکە بە ئاشکرا دیارە کە شاعیر ئەم واقیعە تاڵەی نەویستووە.

ئەم رووداوە لە زەین و نائاگایی شاعیردا بەردەوام ئامادەیی هەیە و دەرەنجامەکانی دوای ئەم قۆناغ و ڕووداوە بەردەوام ئەگەری گەڕانەوەی بۆ ئاگایی شاعیر و واقیع هەیە. لە هەر ساتێکی گەڕانەوەشدا توڕەیی زیاتر لە ناخ و دەروونی شاعیردا دەچێنێت و حەزی تۆڵەکردنەوە لە ئەوی خۆشەویست چالاکتر دەکاتەوە. ئەمە سەلمێنەری ئەوەیە کە ئەم قۆناغەی ژیانی و ئەو ڕووداوە بۆ شاعیر گەورە و کاریگەرە و بەردەوام لە زەین و نائاگاییدا لە کێشمەکێشم دایە، بەمەش دەروونێکی نائارام و ناهاوسەنگ و ناخێکی توڕە و هەڵچوو و پڕ لە هەستی تۆڵەی لای شاعیر درووست کردووە، کە زۆرجار ئەگەر لە واقیعدا جێبەجێ نەکرێت، یان دەرنەبڕدرێت، رەنگبێت ببێتە گرێ و نەخۆشی دەروونی و شکستی کەسێتی و نائومێدی و ڕەشبینی و خەمۆکی لە ژیاندا بەدوای خۆیدا بێنێت. بۆیە کاتێک ئەزموونێکی وا لای شاعیرێکی وەک (پەشێو) دەردەبڕدرێت، ئەوا دەقێکی لەم جۆرە لە دایک دەبێت، وەک ئەوەی (سیگمۆند فرۆید) دەڵێت: ئەدیب و هونەرمەندان لەمیانی داهێنانەکانیانەوە گوزارشت لە جیهانی نائاگایی و حەز و ئارەزو و غەریزە چەپێنراو و تێرنەکراوەکان دەکەن، بەمەش جۆرێک لە ئارامی بۆ دەروونیان دەگەڕێننەوە و خۆیان لە ململانێی داواکاری و حەز و فەرمانەکانی (ئەو) و رێگرییەکانی (واقیع) و (منی باڵا) رزگار دەکەن. نائاگایی (پەشێو) بەدەست ڕووداوێکی لەم جۆرە بەردەوام نائارام و ناهاوسەنگە و (پەشێو) مەبەستێتی خۆی لەم بارودۆخە ڕزگار بکات، بۆیە رەنگبێت هەر کاتێک (ئەو)ی شاعیر هەوڵی دابێت ئەم بابەتە بورووژێنێت، شاعیر ئەو ماوە زۆرە توانیبێتی خۆی بگرێت و کاردانەوەی نەبووبێت و (من)ی شاعیریش لەولاوە بەردەوام داواکارییەکانی (ئەو)ی شاعیری بۆ نائاگایی ناردۆتەوە، چونکە نە واقیع و نە کات و ساتەکە بۆ هێنانەوەیان بۆ نێو نائاگایی و جێبەجێ کردنیان لە لایەن (من)ەوە بە گونجاو نەزانراوە، بەڵام ئەمە تا سەر


بەردەوام نابێت، چونکە زەحمەتە مرۆڤ بتوانێت بەرامبەر حەز و ئارەزووە خەفەکراوەکانی نێو نائاگایی ئارام بگرێت، بۆیە مرۆڤ هەوڵدەدات ڕێگەیەکی گونجاو بدۆزێتەوە بۆ هێنانەدیان دوور لە لێکەوت و شوێنەوارەکانی واقیع و چاودێرییە توندەکانی (منی باڵا). (پەشێو)یش وەک شاعیر پەنای بردۆتە بەر شیعر و توڕەیی و حەزی تۆڵەکردنەوەکەی لە شیعری (لە دەستم دێ)دا بەتاڵ کردۆتەوە. (پەشێو) لەمیانی میکانیزمی بەرگری دەروونی (باڵابوون –التسامي)ەوە کە بەرپرسە لە کەمکردنەوەی پەشێوییە دەروونییەکان و گۆڕینییان بۆ شێوەی تری قبوڵکراو لەلایەن (واقیع و منی باڵا)وە ئەم بارووددۆخە دەروونییەی نێو نائاگایی خۆی بۆ دەقێکی شیعری گۆڕیووە.

کاتێک (ئەو)ی شاعیر غەریزەی توڕەیی تۆڵەسەندنەوە سەربارەت بەم بابەتە لە نائاگایی شاعیردا دەورووژێنێت و هەوڵدەدات کاردانەوەی (تۆڵەکردنەوە) لە خۆشەویستەکەی لە ئاگایی شاعیردا چالاک بکاتەوە. ئەوا لە لایەکەوە شاعیر لەوە تێدەگات کە تۆڵەکردنەوە لە واقیعدا کارێکی خراپ و نابەجێیە و رەنگبێت کاردانەوەی خراپتری بەدوادا بێت، لە لایەکی ترەوە نایەوێت دەستبەرداری جۆرێک لە سەرزەنشتکردن و تۆمەتبارکردنی خۆشەویستەکەی بێت، بۆئەوەی راستییەکان بخاتە ڕوو، بۆیە پەنا بۆ (لە دەستم دێ) دەبات و لە یەکەم هەنگاویدا بە تووڕەبوون و هەڕەشە دەست پێدەکات و دەڵێت:

١. لە دەستم دێ
کاتژمێری کامەرانیت، بوەستێنم
٢. لە دەستم دێ،
ئەڵقەی پەنجەت پێ فڕێ دەم
٣. لە دەستم دێ،
هەموو شتێک ئاشکراکەم،

کام شەوت گەش و رووناکە،
ئەو شەوی پف لە چراکەم
٤. لە دەستم دێ،
بە دوو وشە،
دڵی زاوای نوستووت... ڕەش کەم
لە خۆشاوی،
شەوی پەردەتان... بێ بەش کەم! (پەشێو، ٢٠٠٢، ١١٢)

کۆی (لە دەستم دێ)یەکان ئاماژەن بۆ هەڕەشەکردنێکی توند، بەڵام لە هەمان کاتیشدا (لە دەستم دێ) ئاماژەیەکیشە بۆ ئەگەری ئەنجامدان یان ئەنجام نەدان؛ واتە شاعیر دەتوانێت و بەڵگەی هەیە و ئەگەری هەیە هەڕەشەکانی لە واقیعدا بێنێتە دی، بەڵام کاتێک دەڵێت (لە دەستم دێ) ئەوا لێرەدا وەستانێک هەیە و ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە لە دەستم دێ وابکەم، بەڵام ئەگەری هەیە کە واشنەکەم ئەگەرچی دەشتوانم کە وابکەم. ئەم حاڵەتە سەرەتا و کۆتایی شیعرەکەی بەیەکەوە پەیوەستکردووە و لە سەرەتا و کۆتایی شیعرەکە زیاتر روون دەبێتەوە، ئەویش بریتییە لەوەی شاعیر دەیەوێت بڵێت لە دەستم دێ وابکەم و دەشتوانم، بەڵام واناکەم چونکە هێشتا خۆشم دەوێیت.




بە وردبوونەوە لەم دێڕانە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە کەسێتی (ئەو)ی شاعیر زاڵە و بە ئاشکرا کۆنترۆڵی کەسێتی شاعیری کردووە. (ئەو)ی شاعیر پەستانی خستۆتە سەر شاعیر و کۆمەڵێک ئەگەر و هەڵبژاردەی بۆ هەڕەشەکردن

و تۆڵەکردنەوە بۆ دیارکردووە، کە لە نائاگایی شاعیردا خۆیان مەڵاسداوە. سەرەتای هەموو کۆپلەکان بە (لە دەستم دێ) دەست پێدەکات، کە ئاماژەیە بە بوونی هێز و توانای شاعیر و بوونی بەڵگە و هۆکارەکانی هەڕەشە و تۆڵەکردنەوەکانی لە خۆشەویستەکەی.




هەموو ئەمانە راستەوخۆ پێوەندییان بە ڕەمەکەکانی مەرگ (ساناتۆس)ەوە هەیە، کە دەبنە هۆی نائارامی و وێرانکردن و وەستان و لەناوبردنی ژیان و لەلایەن (ئەو)ی شاعیرەوە بەردەوام دەورووژێنرێن؛ کەواتە سەرەتای دەق بە ڕەمەک و غەریزەکانی مەرگ دەست پێدەکات و بەشێکی کەسێتی شاعیر لە بارودۆخی توڕەبووندا پیشان دەدات. هەریەکە لەو دەربڕینانەی دوای (لەدەستم دێ)وە هاتوون سیما و ئەدگارێکی شەڕانگێزییان هەیەن، بۆیە ئەستەمە (منی باڵا)ی شاعیر ڕێگە بەوە بدات ئەمانە لە واقیعدا بێنەدی.

کەسێتی (ئەو)ی (پەشێو)ی شاعیر بۆ ئەوەی زیاتر هێز و توانای خۆی لە تۆڵەکردنەوە لە خۆشەویستەکەی پیشان بدات و ئەوە بسەلمێنێت کە لە توانایدایە هەڕەشەکانی بێنێتە دی و تەواوی ژیانی بەرامبەرەکەی وێران بکات و ساتە خۆش و گەشەکانی سەراوژوور بکات، چەند بەڵگەیەک وەک هەڕەشە و پیشاندانی حەقیقەتەکانی ڕووداوەکە بۆ خۆشەویستەکەی دەخاتەڕوو و دەڵێت:

٥. نامەکانت...
یەک یەک ماون
دیارییە سادەکانت...

یەک یەک ماون
چاویان شۆڕە...
دەست لەسەر سنگ، بۆم وەستاون!
لە تاوی ئەو کارەساتەم،
ئارەقەی شەرم ئەتکێنن
مۆری حەزێکی ئاگرین،
بەناوچاوتەوە.. ئەلکێنن!
٦. تاڵێکی پرچت نەماوە
تێر تێر بۆنم نەکردبێ!
جێی دەرزییێک
لە سنگی برسیت نەماوە
پەنجەم پەی پێ نەبردبێ!
٧. گەواهی ئەدەن... لەسەرت،
دار تێلەکانی، سەر شەقام!
گەواهی ئەدەن... ئەوانەی
نامەی تۆیان بۆ دەهێنام (پەشێو، ٢٠٠٢، ١١٢-١١٣)

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کەسێتی (ئەو) بریتییە لە تێرکردنی حەز و ئارەزوو و غەریزەکان بە هەر شێوەیەک بێت، هەر خودی (ئەو) کۆگایەکە بۆ حەز و ئارەزوو و غەریزە تێرنەکراوەکان، هەتا ئەگەر بەدیهێنانیان لە واقیعدا لەگەڵ مەرج و داواکارییەکانی واقیع و (منی باڵا)شدا یەک نەگرێتەوە، بۆیە کەسێتی (ئەو) هەمیشە فەرمانکەرە بەسەر (من)دا بۆ بەدیهێنانی ئەو داوایانەی کە هەوڵدەدات لە نائاگاییەوە بۆ ئاگایی بیانگوازێتەوە، بێ گوێدانە دەرەنجامەکان و سزا و لێکەوتەکانی پشت ڕووداوەکان.

خستنەڕووی ئەم بەڵگانە ئاوا بە ئاشکرا و بێ هیچ سانسۆرێک لە دەقێکدا بەڵگەیە لەسەر لاوازی کەسێتی (منی باڵا) و (من)ی شاعیر لە ساتی هەڵچوون و توڕەبوون و داهێنانی ئەم شیعرە لەم کۆپلانەدا، بۆیە هەڕەشەی شاعیر بە بوونی ئەم بەڵگانە و وەبیرهێنانەوەی خۆشەویستەکەی لەوەی لە هەر ساتیکدا بێت بە ئاسانی دەتوانێت ئەوەی مەبەستییەتی بۆ وێرانکردنی ژیانی بیکات، لە غەریزەکانی مەرگن و لە کەسێتی شاعیردا بە یارمەتی (ئەو) بەردەوام دەورووژێنرێن. ئەم بەڵگانە بەسن بۆ ئەوەی تەواوی ژیانی کەسێکی پێ وێران بکرێت و گرێی بەختی بۆ هەمیشە بە داخراوی بهێڵێتەوە، چونکە کۆمەڵگای کوردی خاوەن کۆمەڵێک پرەنسیپ و بنەما و بەها و داب و نەریتی تایبەت بەخۆیەتی و بۆ بوونی پێوەندی لەم جۆرە لەنێوان دوو ڕەگەزی جیاواز و لە دەرەوەی خێزان و بێ ئاگاداری خێزان قبوڵکراو نییە. لە هەمان کاتیشدا ئەم کۆمەڵگایە و عەقڵییەت و بیری تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایە بۆ بوونی ئەم جۆرە بەڵگانە، یان ئاشکرابوونی زیاتر داخراوە و ئەوەندە توندە کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا سزای قورسی لەسەرە، بۆیە کەسێتی (منی باڵا)ی شاعیر پێش داهێنانی ئەم شیعرە و ئەو واقیعەش کە شاعیری تێدا دەژیت ڕێگربوون لەبەردەم هەر تۆڵە و هەڕەشەیەکی واقیعییانە بەرامبەر ئەوی خۆشەویست و لەمەشدا شاعیر تا ساتی داهێنانی ئەم دەقە شیعرییە تەواو ئارامی گرتووە، بەڵام سەرکەشییەکانی (ئەو) و ئەو داواکارییانەی ئەو لە (من)ی شاعیری هەیە، بۆ تۆڵەکردنەوە و نائارامی و ناهاوسەنگییەکانی نێو نائاگایی شاعیر و ڕێگرییەکانی (منی باڵا) و سانسۆرەکانی واقیع و کۆمەڵگا و ئایین تەواو دەروونی شاعیریان هیلاک کردووە، بۆیە شاعیر هەوڵیداوە سەرلەنوێ ئەمە بگەڕێنیتەوە نێو ئاگایی خۆی. باشترین هۆکاریش بۆ ئەمە داهێنانی شیعرە کە تێیدا نهێنی ناوی خۆشەویستەکەی و ڕووداوی لێکدابڕان و زۆر شتی تری تێدا حەشارداوە و تەنیا بەشێک لەوەی لە نائاگایی و زەینیدا دەگوزەرێت خستۆتەڕوو.

ئەوەی تێبینی دەکرێت لە سەرەتای شیعرەکەوە تا کۆتایی کۆپلەی (١٠)ش راستە شاعیر هەڕەشە دەکات و ڕق و کەف و کوڵی دڵی هەڵدەڕێژێت، بەڵام ئایا لە واقیعدا توانیوویەتی هەوڵی جێبەجێکردنی بدات؟ هەڵبەت نەخێر، چونکە دەرەنجامەکانی دوای بەجێهێنانی ئەم هەڕەشانە لە واقیعدا مەترسی بۆ سەر ژیانی شاعیریش هەبووە، کە لێرەدا شاعیر لەژێر کاریگەری پرەنسیپی سزا و تۆڵە ئەم هەڕەشانەی نەخستۆتە قاڵبی واقیعەوە، کە ئەمەش کاریگەری ڕێگرییەکانی (منی باڵا) و ترساندنی شاعیر بە بوونی سزا و تۆڵەی بەرامبەر و لە هەمان کاتیشدا ڕێگرییەکانی واقیعی دەوروبەری شاعیر و ئەو بەها باڵایانەی کە شاعیر باوەڕی پێیان هەبوو بوونەتە ریگر و لەمپەڕ لەبەردەم گواستنەوەیان بۆ ئاگایی و واقیع و بەو شێوەیەی کە شاعیر لە دەقەکەدا هەڕەشەی پێ لە خۆشەویستەکەی کردووە.

لە کۆپلە شیعرییەکانی (٨، ٩ و ١٠)دا شاعیر بە دڵنیاییەکی زۆرەوە هەم توڕەبوون و هەم هەڕەشە و گوڕەشەکانی و هەم بوونی بەڵگەکان بۆ تێکشکاندنی ئەوی خۆشەویست بەیەکەوە کۆدەکاتەوە و ئەوە دووپات دەکاتەوە کە توانای هەیە ئەو واقیعە تاڵە بۆ خۆشەویستە دابڕاوەکەی درووست بکات کە لە کۆپلەکانی (١) تا (٤) ئاماژەی بۆ کردبوون. شاعیر لە دەروونێکی ئەوپەڕ شەکەت و ماندوو و ڕووخاوەوە، کە دیسانەوە کاریگەری و شوێنەوارەکانی کەسێتی (ئەو)ی (پەشێو)ی بەسەردا زاڵە و ڕەنگدانەوەی ڕەمەکەکانی (مەرگ - ساناتۆس)ن، شاعیر دەڵێت:

٨. بەڵێ گیانە...
گەر بمەوێ،
کاتژمێری کامەرانیت، بوەستێنم
٩. گەر بمەوێ،
ئەڵقەی پەنجەت، پێ فڕێ دەم،


نامەی بەختت، بسووتێنم
١٠. بەڵگەم پێ یە!
هەزار بەڵگەی ئاشکرا و روون
بەڵگەی... چوار ساڵ، پێکەوە بوون (پەشێو، ٢٠٠٢، ١١٣)

لێرەدا شاعیر وێنەیەکی چڕ و پوختکراوی ئەو دەروونەی خۆییمان بۆ دەکێشێت و ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە دەروونی لەنێوان کێشمەکێشمی داواکارییەکانی هەرسێ کەسێتییەکەی (ئەو، من و منی باڵا)دا لە چ دۆخێکی ناخۆش و نەخوازراو دایە و ئەوە دووپات دەکاتەوە کە چەندە (ئەو)ی شاعیر هەوڵی زاڵبوون و هێنانەدی ئەم واقیعە بۆ خۆشەویستەکەی دەدات، لە کاتێکدا شاعیر بە هیچ شێوەیەک ئەم واقیعەی بۆ خۆشەویستەکەی ناوێت، ئەگەرچیش تاوانباری سەرەکی ئەوە. ئەستەمە مرۆڤ بتوانێت بەرامبەر شتێکی وا لێبوردە بێت و تۆڵەنەکاتەوە، مەگەر ئەوانە نەبن کە خاوەن ویژدانن و باوەڕی بنەڕەتییان بە بەها بەرز و پیرۆزەکان هەیە.

(پەشێو) لە کۆتا هەڵوێستیدا ئەو دۆخە دەروونییە وێران و تیکشکاوە تا ڕادەیەک هاوسەنگ دەکاتەوە، ئەویش کاتێک دەزانێت هێنانەوەی توڕەیی و حەزی تۆڵەکردنەوە لە ئەوی خۆشەویست نە لەو کۆمەڵگا و واقیعەی کە تێیدایە ڕێگەپێدراوە و بۆی دەلوێت، نە لە ڕووی ئایینییەوە ڕێگەپێدراوە، ئەمە جگە لەوەی (منی باڵا) کە لەسەر پرەنسیپی (پاداشت و سزا) کاردەکات، بەردەوام شاعیر لە سزاکانی ئاگاداردەکاتەوە و لە هەمان کاتیشدا بەها بەرز و پیرۆزەکان بەبیر شاعیر دێنێتەوە کە بەردەوامی ژیان و خێزان و کۆمەڵگایان پێوە بەندە، کە یەکێک لەم بەها بەرزانەش (خۆشەویستی)یە و لە کۆپلەی کۆتایی هێز و دەسەڵات و کاریگەری (منی باڵا)ی شاعیر بە ئاشکرا دەردەکەوێت. لەمبارەیەوە شاعیر دەڵێت:

١١. بەڵام چ بکەم؟!
خۆشەویستیت...
نەهەنگێکە،
خوێنی هەڵچووم... ئەخواتەوە
خۆشەویستیت
ڕووبارێکە، قینی ڕەشم، ئەشواتەوە (پەشێو، ٢٠٠٢، ١١٣-١١٤)


دەربڕینی (بەڵام چبکەم؟!) جۆرێکە لە دەستەوەستانی شاعیر لە هێنانەدی ئارەزووی تۆڵەکردنەوە و دامرکاندنەوەی تووڕەییە پەنگخواردووەکەی ناخی لە واقیعدا و جۆرێکە لە بەردەوام گەڕاندنەوەیان بۆ جیهانی نائاگایی. ئەم دەربڕینە ئاماژەیەکیشە بۆ چاودێری و ڕێگرییە بەردەوامەکانی کەسێتی (منی باڵا)ی شاعیر. ئینجا لێرەوە منی باڵای شاعیر بە ئەرکی خۆی هەڵدەستێت و دەسەڵاتەکانی بەسەر (ئەو) و جیهانی نائاگایی و حەز و خولیاکانی شاعیردا فراوانتر دەکات و بەها بەرز و باڵاکانی ژیان وەبیر شاعیر دێنێتەوە کە سەردەمانێک شاعیر و خۆشەویستەکەی بەیەکەوە کۆکردبووەوە و لە ژێر چەتری ئەو بەها باڵایانەدا ڕۆژانێک ئەوپەڕی ساتە خۆشەکانی قۆناغی خۆشەویستی ژیانیان بەڕێکردووە. یەکێک لەو ڕەمەک و ئارەزووانە بریتییە لە (خۆشەویستی) کە ژیانی مرۆڤی پێوە بەندە و ژیان بێ خۆشەویستی مانایەکی نییە و بە زەحمەت دەگوزەرێت. (خۆشەویستی) غەریزە و ڕەمەکێکە بەردەوامی بە ژیان دەدات و سەر بە ڕەمەکەکانی ژیان (ئیرۆس)ە.



هەر ئەمەشە وای لە شاعیر کردووە بە کۆی بڕیار و هەڕەشە و گوڕەشەکانی و توڕەبوون و تۆڵەکردنەوەکەیدا بچێتەوە و لە واقیعدا هەوڵی لەم جۆرە نەدات. ئەوەتا شاعیر دەڵێت:

خۆشەویستیت...
نەهەنگێکە،
خوێنی هەڵچووم... ئەخواتەوە
خۆشەویستیت
ڕووبارێکە، قینی ڕەشم، ئەشواتەوە (پەشێو، ٢٠٠٢، ١١٤)

شاعیر خۆشەویستی ناخی خۆی بەرامبەر خۆشەویستەکەی بە دوو شتی جیاواز چواندووە، کە هەر لێکچواندنێکیش ئاماژە و دەلالەتێکی خۆی هەیە، جارێک بە (نەهەنگ) و جارێکیش بە (ڕووبار)ی چواندووە.




لە لایەکەوە خۆشەویستی نێوانیان لە گەورەیی و فراوانی و بێ سنووری بە (نەهەنگ) دەچوێنێت و سیفەتی گەورەیی و قەبارە فراوانی نەهەنگی وەرگرتووە و ڕێژەی خۆشەویستییەکەی بەهۆیەوە خستۆتەڕوو، کە هەموو دەم ئەو خۆشەویستییە گەورە و فراوانەی لەنێوانیاندا هەیە هەڵچوون و توڕەبوونەکانی شاعیر ئارام دەکاتەوە. لەلایەکی ترەوە، هەمان خۆشەویستی نێوانیانی لە بەردەوامی و ئەبەدی و پڕ جۆش و خرۆشییەوە بە (ڕووبار) چواندووە، کە هەر ئەو خۆشەویستییەیە وەک ڕووبارێکی تیژڕەو ئاسا هەرچی ڕق و قین و توڕەبوونە ڕادەماڵێت و هۆکارێکە لە ئارامبوونەوەی دەروونی شاعیر.

خۆشەویستی ڕێگربووە لەبەردەم هەر ئامادەبوونێکی هەستە هەڵچووەکانی شاعیر بۆ نێو جیهانی ئاگایی، چونکە دواجار شاعیر نەیتوانیووە ئینکاری لەوە بکات کە ئێستاش و دواتریش هەر بە هەناسە و هەستە جوانەکانی ئەو خۆشەویستییەوە دەژیت و زۆرجاریش کە ڕەشبینی و دڵتەنگی بەهۆی دابڕان و دوورکەوتنەوەوە تووشی دەروونی دەبێت، ئەوا بە گەڕانەوەیەک بۆ دیمەن و یادگارییە خۆشەکان کە لە ناوچەی پێش ئاگایی دەروونیدا بۆ ماوەی کاتی و بۆ پێویستی هەڵیگرتوون سەرلەنوێ کەمێک لە دەروونە ماندوو و شەکەتەکەی ئارام دەکاتەوە. ئا لێرەوەیە (من)ی شاعیر دەرفەتێک بۆ ئەم هەموو ململانێ و کێشمەکێشمی نێو دەروون و جیهانی نائاگایی (پەشێو) دەدۆزێتەوە، کە لەگەڵ واقیعی ژیانی شاعیر و چاودێری و بەرهەڵستییە توندەکانی (منی باڵا)ی شاعیردا بگونجێت و بەمەش لە ڕێی دەقێکەوە هەستە هەڵچوو و توندەکانی شاعیر دێنێتەوە نێو جیهانی ئاگایی بێ ئەوەی توشی سزا و لێپێچینەوە ببێتەوە.

**ئەنجامەکان:**

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

- ئەم دەقە ئەنجامی کار و کاردانەوەیە لە نێوان شاعیر و خۆشەویستەکەی؛ واتە ئەنجامی کاردانەوەی ڕووداوێکە کە بۆتە هۆی دابڕانی شاعیر لە خۆشەویستەکەی و بەمەش شاعیر تووشی بارودۆخێکی دەروونی سەخت و دژوار بووە و بەدەست ئەمەوە ناڵاندوویەتی.
- ئەم دەقە تەواو ڕەنگدانەوەی دەروونێکی شکستخواردوو و شەکەت و ماندووی شاعیرە کە چەند پاڵنەرێکی دەروونی جیاواز بوونەتە هۆی داهێنانی، لەوانەش: هەڵچوون و توڕەیی و خۆشەویستی. لە کاردانەوەی ئەم پاڵنەرە دەروونیانەشدا شاعیر هەڕەشەی تۆڵەکردنەوە دەکاتەوە، بەڵام لە کۆتاییدا هەستی خۆشەویستی بەسەر توڕەبوون و هەڵچوونەکەیدا زاڵ دەبێت.
- لە کۆپلەی یەکەمەوە تا کۆپلەی دەیەم کەسێتی (ئەو)ی شاعیر بەسەر بارودۆخەکەدا زاڵە و شاعیر توڕەیە و هەڕەشەی تۆڵەکردنەوە لە خۆشەویستەکەی دەکات. بەمەش غەریزەی مردن (ساناتۆس) زاڵە. کەچی لە کۆپلەی یانزەمدا بارودۆخەکە ئاسایی دەبێتەوە و شوێنەوارەکانی (منی باڵا) بەزەقی هەستی پێدەکرێت، چونکە شاعیر دووبارە دەکەوێتەوە ژێر پرەنسیپی خۆشەویستی و واز لە هەڕەشە و گورەشەکانی دێنێت، بەمەش جارێکی تر غەریزەی ژیان (ئیرۆس) بەسەر بارودۆخەکەدا زاڵ دەبێتەوە.

## سەرچاوەکان:

- **بە زمانی عەرەبی:**
- **الكتب:**

١. ابراهيم محمود خليل، في النقد والنقد الالسني، دار الكندي للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٢.
٢. بسام بركة و أخرون، مبادىء تحليل النصو الادبية، ط١، دار نوبار للطباعة، القاهرة، ٢٠٠٢.
٣. رشاد رشدي، النقد والنقد الادبي، دار العودة، بيروت، ١٩٧١.
٤. سيغموند فرويد، الموجز في التحليل النفسي، ترجمة: سامي محمود علي، جمعية الرعاية المتكاملة، مصر، ٢٠٠٠.
٥. سيغموند فرويد، تفسير الاحلام، ت: د. مصطفى صفوان، دار المعرفة، القاهرة، ١٩٩٤.
٦. شاكر عبدالحميد، الاسس النفسية للابداع الادبي (في القصة القصيرة خاصة)، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب، مصر، ١٩٩٢.
٧. شلتاغ عبود شراد، مدخل الى النقد الادبي الحديث، ط١، دار مجدلاوي، للنشر والتوزيع، عمان، ١٩٩٨.
٨. على جواد الطاهر، مقدمة في النقد الادبي، ط٢، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٨٣.
٩. وليد قصاب، مناهج النقد الادبي الحديث (رؤية اسلامية)،ط١، دار الفكر، دمشق، ٢٠٠٧.

- **القواميس:**

١. ميجان الرويلي و سعد البازعي، دليل الناقد الادبي، ط٣، المركز الثقافي العربي، بيروت – الدار البيضاء، ٢٠٠٢.

- **بە زمانی کوردی:**
- **کتێب:**

١. جەی ئیڤ دۆنسێل، دەروونشیکاری و ئەو سیستەمانەی لێی جیابوونەتەوە، وەرگێڕانی ئاوات ئەحمەد سوڵتان، چ٢، سلێمانی، ٢٠١٩، ١٨.

- **دیوانی شیعری:**

٢. دیوانی عەبدوڵڵا پەشێو، عەبدوڵڵا پەشێو، چاپی یەکەم، سوید، ٢٠٠٢.

- **بە زمانی ئینگلیزی:**

1. Charles Bressler, Literary Criticism, 3rd, Longman, 2012.
2. Vernon Hall, A short History of literary Criticism, 1st, The Merlin press, London, 1964.

## ملخص

## نص (له دەستم دێ) ل(عبدالله پەشێو)
## من منظور النقد التحليلى النفسى

يعتقد منهج النقد التحليل النفسي، المتأثر بمدرسة التحليل النفسي (خاصة نظريات وآراء ومصطلحات ومفاهيم سيجموند فرويد)، أن النص الشعري هو نتاج الرغبات والغرائز المكبوتة من لاوعي الكاتب الذي لم يستطيع ان ينفذها و يتمتع بهما في حياته. ان هذا الوضع من الصراعات و عدم التهدئة النفسية واستمرار استرجاع الغرائز المكبوتة الى اللاوعي من قبل (انا) و (انا العليا) يسود على نص (له دەستم دێ). هذا النص هي نتيجة عدم قدرة الشاعر على تطبيق غريزتا الغضب و انتقامه من حبيبته واسترجاعهما الى لاوعيه الشخصي الذي يعاني من صراع داخلي و نفسي شديد اثر صراع دائم بين شخصية (هو) للشاعر الذي يريد اشباع هذه الغرائز في الواقع بطريقة مباشرة دون الرجوع الى نتائجه السيئة، وبين (انا العليا) الذي يريد من الشاعر ان تلبي طلبات الـ(هو) بطريقة شرعية ومنسجمة مع الواقع والآداب العامة. هذا البحث بعنوان (نص (له دەستم دێ) لـ(عبد الله پەشێو) من منظور منهج النقد التحليل النفسي (نظرية ومفاهيم فرويد في التحليل النفسي كمثال) هي محاولة لتحليل هذا النص من منظور هذا المنهج النقدي. و يتكون البحث من مقدمة وفصلين ، تليهما الاستنتاجات وقائمة المراجع.


**الكلمات الدالة:** النقد التحليل النفسي، النص الشعري، اللاوعي، الوعي، كبت.

## Abstract

### The Text "La dastm de" from the perspective of psychoanalysis: Freud's psychoanalytical theories and concepts as examples

The psychoanalytic criticism approach, influenced by the school of psychoanalysis (especially the theories, opinions, terms and concepts of Sigmund Freud), believes that the poetic text is the product of the desires and instincts repressed from the subconscious of the writer who could not implement and enjoy them in his life. This situation of conflicts, lack of psychological calmness, and the continuation of the retrieval of repressed instincts to the unconscious by (Id) and (Super Ego) prevails over the text (لە دەستم دێ). This text is the result of the poet's inability to apply the two instincts of anger and his revenge on his beloved and bring them back to his personal subconscious, who suffers from severe internal and psychological conflict, as a result of a constant struggle between the personality (Id) of the poet who wants to satisfy these instincts in reality in a direct way without referring to his bad results and between the (Super Ego) who wants the poet to fulfill the requests of (Id) in a legitimate way and in harmony with reality and public morals. This study is entitled (The Text of (لەدەستم دێ) by (Abdullah Pashew) is conducted from the perspective of the psychoanalytic criticism approach (Freud's theory and concepts in psychoanalysis as an example). It is an attempt to analyze this text from the perspective of this critical approach. The study consists of an introduction and two chapters, followed by conclusions and list of references.


**KeyWords:** psychoanalytic criticism, poetry text, unconsciousness, consciousness, Repressed.